www.kurdistannet.org

**کوردستانێکی ئازاد          گەلێکی یەکسان**

# بانگەواز بۆ ( ریفراندۆم ) ێك لە کوردستاندا

دۆزی کورد وەك کێشەی نەتەوەیەکی پتر لە 40 ملیۆنی نیشتمان کۆلۆنیکراو و ستەملێکراو, بە گەورەترین کێشەی چارەسەرنەکراوی جیهان ، بە درێژایی سەدەی 19 و 20 و ئەم سەدەیەش دادەنرێت . بێ چارەسەرکردنی بنەبڕی ئەم پرسە ئاڵۆزەی رۆژهەڵاتی ناوین ، ئاستەمە ئاشتی و ئاسایش لە ناوچەکە و جیهاندا بەرقەرار بێت .

پرسی کورد ، مەسەلەی ئازادیی کورد و یەکگرتنەوە و سەربەخۆیی کوردستان و ژیانی پڕ لە سەروەریی و بڕیاردانی چارەنووسی کورد خۆی بەدەستی خۆیەتی . ئەم پرسە چەند ویست و خواستە, هێندەش رەوا و واقیع و شیاوی هێنانەدییە.

دوای ئەو گۆڕانکارییە نوێیانەی بەسەر ناوچەکەدا هاتوون ، بەشێکی هەرە زۆری ئەو زەمینانە فەراهەمبوون کە هەتا هەنووکە لە مێژووی بزوتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەکەماندا ئاستەنگ و نێگەتیف بوون لەبەردەم هەنگاونان بۆ گەیشتن بە ئامانجە رەواکانی کورد . ساڵی 1992 پەرلەمانی کوردستان بڕیاری مەسەلەی فدراڵی دا هەنووکەش هەلومەرجێکی ئەرێتی لەباری دیکەیە و دەبێت پەرلەمان هاوتەریبی رێبکا و داوای واقیعیتر بەرزبکاتەوە.

سەرکردایەتی سیاسی کوردی پێویستە پلە بە پلە لەگەڵ هەنگاوەکاندا بەرەو سەرەوە هەڵکشێ و داواکانی زیاتر بکات . ئەگەر سەربەخۆیی بەدی نەهێنرێت, ئەوا چارەسەری لەباری ئەم قۆناخە, نابێ لە کۆنفیدراڵی نێوان دەوڵەتی کوردستان و عەرەبستان کەمتر بێت.

ئەمڕۆ شێوە کلاسیکییەکانی خەبات گۆڕاون و کۆمەڵێ فاکتی نوێ تێکەڵ بە زاراوە و چەمك و شێوازەکانی بیرکردنەوە و خەباتکردن بوون و چیدیکە رۆژگار یارمەتیدەر نابێت بەو پێودانگەی پێشوو هەڵسوکەوت بکەین .

هاوشانی ئەم ئەرك و پێداویستییە گرنگ و نوێیانە لە لایەك دۆزەکەمان تا بێت زیاتر بە رووی جیهاندا هەڵدەکەوێت و فۆرمەلە دەبێت . دنیا لێی بە ئاگا دەبێتەوە و کەوتۆتە نێو نەخش و هاوکێشە و ستراتیژی درێژخایەنی بەرژەوەندییەکانی جیهان بە تایبەت ئەمەریکاوە . هەڵکەوتی جیوپۆلیتیکی و دەوڵەمەندی خاکەکەی و بەخشندەیی و کراوەیی میللەتەکەی پێگەیەکی گرنگی دیکەشی بەخشیوە بە رەهەندە دوور و نزیکە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکەی.هەموو دەبینین کە ئەمەریکا و ئەورووپا بە گشتی لە نزیکەوە ئاگادارمانن و سەرچاوەکانی

www.kurdistannet.org

هەڕەشە و مەترسییەکانیان لەسەر نەهێشتوین و دەمانپارێزن . لە لایەکی دیکەوە بە کاریگەریی ئەو هەلومەرج و گۆڕانە نوێیانە سەرجەم داگیرکەرانی کوردستان تا بێت لە تەنگەژە ئابووری و شکستە سیاسییەکانیاندا ڕۆدەچن و بایەخ لە دەست دەدەن.

دەرئەنجامی ئەو هەموو دیاردانە بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردیش ڕووبەڕووی دووڕیانێکی نوێ و ئەزموونێکی گەورە بۆتەوە .

یەکێ لە بنەما هەرە گرنگ و سەرەکییەکانی دیموکراسی کرانەوە و هەڵسوکەوتکردنە بە کراوەیی و پرس کردنە بە میللەت و وەرگرتنی دەنگ و بیروڕاکانێتی . بۆیەکا دەبینین ئەنجامدانی ( ریفراندۆم ) یێك بۆ وەرگرتنی دەنگی میللەت بۆ داوای سەربەخۆیی , یەکێکە لە پێداویستییە هەرە گرنگ و بە پەلەکان ، کە هەرگیز نابێت دواخرێ و فەرامۆش بکرێ . لە بارودۆخی ئەمڕۆی باشووری کوردستاندا ئەو هەل و دەرفەت و بەختەی بۆمان ڕەخساوە ، توانیویەتی ببێتە پاڵپشت و هۆکارێکی بەهێز و گرنگ بۆ تۆمارکردنی دەنگ و وەرگرتنی داخوازییەکانی میللەت و کردنی بە دۆسییە و دیکۆمێنتێك و پێشکەشکردنی بە شێوەیەکی یاسایی بە ناوەندەکانی دەسەڵات ( ئەمەریکا، نەتەوە یەکگرتووەکان و پەرلەمانی ئەورووپا ) . کارکردن بەم شێوازە شارستانی و بەم میتۆدە لۆژیکییە, هەم دەستەبەر و شیاوی جێبەجێکردنە ، هەم خۆشبەختانە دامودەزگای زۆرمان هەیە ئەو ئەرکە ئەنجام بدەن، هەم بێ زیان و ریسك کردنە بە مەسەلەی نەتەوەکەمانەوە . سەرلەبەری باشووری کوردستانیش ئازادە و دەستمان ئاواڵایە بۆ کارکردن و تێکۆشانی سیاسی و ئابووری و کومەڵایەتی و فەرهەنگی. شایانی باسە کە کوردی ئاوارەی هەندەرانیش دەتوانن بە توانا و دڵسۆزی خۆیان و لە ڕێگای دەستاوێژەکانی ڕاگەیاندن و ئینتەرنێتەوە لەوپرۆسەیەدا بەشداری بکەن .

بەرقەرارکردنی ئەم ئەرك و پرۆسە نەتەوەییانە هێشتا بۆ وەڵامە دروست و مافە ڕەواکانی نەتەوەکەمان لە یەکگرتنەوە و سەربەخۆیی سەرتاسەری کوردستان و گەیشتن بە کومەڵگایەکی ئازاد و یەکسان ، دەچێتە سنووری هەرە دامێنی خواستەکانییەوە . ئەو ویست و خواستەش ڕۆژ بە ڕۆژ هەراشتر دەبێت و هیچ کەس و لایەك ناتوانێ ڕێی لێ بگرێت و تا بێت خۆی بەسەر واقعی کورد و کوردستاندا زیاتر دەسەپێنێ .

دوای خوێندنەوەیەکی وورد و ریالبینانەی هەلومەرجی نوێ و سەرجەم ئەو باس و کێشانەی پەیوەستن بە مەسەلەی چارەنووسی نەتەوایەتیمانەوە ، ئێمە وەك ( پارتی سۆسیالیستی کورد ـ پاسۆك ), داواکارین :

+ یەکگرتنەوەی دەزگاکانی هەولێر و سلێمانی بەمەبەستی دروستکردنی یەك دامودەزگا بۆ نوێنەرایەتیکردنی میللەتی کورد لە باشووری کوردستاندا .

+ سەرژمێرییەکی سەرتاسەری لە باشووری کوردستاندا ساز بدرێت .

+ ریفەراندۆمێك بۆ داخوازیی سەربەخۆیی کوردستان جێبەجێ بکرێت .

+ گۆڕینی بنەڕەتییانەی سیستەم و شێوازی کۆنی پەروەردە و فێرکردن و گونجاندنی لەگەڵ هەلومەرجی نوێ و هاوچەرخدا.

www.kurdistannet.org

+ هەڵکردنی ئاڵای پیرۆزی کوردستان لە هەموو فێرگە و فەرمانگە و شوێنە گشتییەکاندا.

+ دەستنیشانکردن و چەسپاندنی سنووری جوگرافیای سروشتی و مێژوویی و سیاسیی باشووری کوردستان.

+ زمانی کوردی , زمانی رەسمیی هەموو کوردستان دەبێت.

+ ژیاندنەوەی گیان و هەستی پێویستی خۆبەکوردزانین و کوردستانێتیی کورد. وازهێنان لە عێراقچێتی و داگیرکەرچێتی و بێگانەپەرستی.

+ لە جێبەجێکردنی ئەرك و فەرمانە پێویستەکانی دامودەزگاکان و پارت و کۆڕ و کومەڵە پیشەییەکاندا , دەبێت یاسا سەروەر بێت و کۆتایی بە دەسەڵاتی تاکڕەویی پارتایەتی و تاکەکەسی و بنەماڵەیی بهێنرێت و بنەماکانی ئازادی و دیموکراسی لە کۆمەڵگای کوردەواریدا بچەسپێنرێیت.

+ جودابوونی دین لە دەوڵەت و دەستەبەرکردنی ئازادییە دیموکراسییەکانی تاکەکانی کۆمەڵگا.

+ پێویستە و دەبێت هەموو شوێنەوارەکانی بە عەربکردن لە کوردستاندا بسڕێنەوە .

+ پێویستە و دەبێت هەموو کۆنەجاش و بەعسی و ئەنفالچییەکان , خۆفرۆشان و ناپاکان بە پرۆسێسێکی یاسایی بە سزای رەوای خۆیان بگەیەندرێن.

- سەربەرزی و نەمری بۆ شەهیدان , گیانپاکانی ئازادیی کورد و سەربەخۆیی کوردستان.
- ریسوابوون و تێشکان و نەمان بۆ دوژمنانی کورد و داگیرکەرانی کوردستان و نۆکەرانیان.
- بەردەوام و سەرکەوتوو بێت خەبات و تێکۆشان لەپێناوی ئازادیی کورد و یەکگرتنەوە و سەربەخۆیی کوردستان و پێکهێنانی دەوڵەتی ناسیۆنالی کوردیدا.
- هەر شەکاوە بێت ئاڵای سووری کوردایەتی.

**پارتی سۆسیالیستی کورد ( پاسۆك )**
16.07.2003

**http://www.PASOK.org**